

# ئەم کەشتییە بەرەو کوێ؟

هێمن مام نادر

سەرنجێ بە...

سەرنجێ بەو چاوانەی عارەقە

کردوونی بە گۆمی خوێن و

هێشتا ئاسۆ ڕووندەبینن

وردبەرەوە

لە ڕووتبوونەوەی ئینسان و

لە قەیرانەکانی ئاکار

کاتێك دنیا بوو بە بازاڕ

ئیتر ئێمە

لە کوچەو کۆڵانە تاریکەکانیدا لێکدابڕاین

دەسا هاوڕێم لەم بازاڕە

چی لە ئینسان تەنیاترە؟!

بازاڕ..

سنوورەكانی سڕییەوە
بازاڕ كیشوەرەكانی پێكەوە گرێدا
سەد مەخابن
سنوورەكانی نێوان ئێمەی فراوانتر كرد
تا هەر مرۆڤێك بووەتە كیشوەرێك
بەرەو كوێ ئەی كەشتییە سەرلێشێواوەكە؟
بەرەو كوێ؟
كە كەنارێك نەبێت بۆ لەنگەرگرتنو
ڕۆخێ نەبێت بۆ ئارامیو
لێوارێ نەبێت بۆ پشوودان
بەرەو كوێ؟
تاكەی ئێمە موسافری سەر شەپۆلەكان بین
كە ئاسۆیەك نەبێت چاومانی تێبڕینو
كە هەوارێ نەبێت بیكەینە مەنزڵی خەیاڵو
كە بن دارێك نەبێت بۆ جێژوان
بەرەو كوێ؟
ئەی كەشتییە سەرلێشێواوەكە
بەرەو كوێ ئەی حەزی برسیو
ئەی خەونی بێ نیشتمان؟
ڕەنگە ئێمە ئەو ڕێبوارانە بین
زمانمان كلۆم كردو
گوێكانمان ئاخنیو
چاومان بە پەڕۆیەكی ڕەش دابەستو
وتمان بۆ كوێمان دەبەی بمانبە
ئەی كەشتییەكە
ئیتر ئێمە ئەو ڕێبوارانەین
سیمامان لە ڕەنگ هەڵكێشاو خاڵی بووینەوە لە مانا
ئیتر ئێمە خۆشبەختیی (بەڵێ)مان ناسی
لەبەر هەڕەشەی نانا
(نا)مان نەما
(نا) ئای كە وشەیەكی دزێو بووی

سەرچاوەی بەدبەختییەکانی ئێمە
لەو ساتەوەی هەر (بەڵێ) دەکەین
ڕەنگمان سوورو
بەرگمان پۆشتەو
سکمان تێرە
ئیتر ئێمە ئەو نەوەیەین
سەنگەرێکی نوێمان ناسی
لەنێو هەموو بەرەکاندا
بەرەی گیرفانمان هەڵبژارد
ئیتر ئێمە نەوەیەکین
بەلاتەوە سەیرنەبێت
ئەو کەسەی لە زۆرانبازیی (گا)دا
ڕووبەڕووی (گا)کە وەستاوە
بە پاڵەوان دەزانینو
ئەو کەسەش ڕووبەڕووی کەڵەگاکانی دەسەڵات وەستاوە
بە شێت.
ئیتر ئێمە بۆ ئەوەی بناسرێین
ستایشنامە بۆ بەهێزەکان پڕ دەکەینەوەو
جامی تووڕەییو نەفرەتیش
بەسەر لاوازەکاندا دەڕێژین
ئیتر ئێمە
قاقا پێکەنینمان دێت بە ئەقڵی
ئەو ماسییانەی دژی شەپۆل مەلەدەکەن
ئیتر ئێمە لە پشت ئەو بەردانەوە وەستاوین
شووشەی ئەو چاریانە دەشکێنین
کە ڕووناکییان بۆ ژێر خۆیان نییە!
ئیتر ئێمە ئەو نەوەیەین
نێرگسیەتمان هێندە بالای کردووە
خۆمانمان لەبیر چووەتەوە
بۆیە ئەو ئاوێنانە دەشکێنین
حەقیقەتی ڕووی خۆمانمان نیشان دەدا

ئیتر ئێمە ئەو ڕێبوارانەین
هیچ شتێك دامان ناچڵەکێنێ
نە مەرگی ئازیزانو
نە ئازاری خاكو
نە هەراجکردنی نیشتمانێ
ئیتر ئێمە
لەم جیهانە بێ دڵەدا
سکاڵای دڵ بۆ سەگو پشیلەکانمان هەڵدەڕێژین
ئیتر ئێمە کاتمان نییە
بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانێكو
بۆ گوێگرتن لە پارچەیەك مۆسیقای
بتهۆڤنو شمشاڵەکەی قالە مەڕە
ئیتر ئێمە کاتمان نییە
بۆ ناشتنی درەختێكو
بۆ ئاودانیی باخچەیەك
ئیتر ئێمە کاتمان نییە
بچینە سەردانی خەڵوەتگەی پیریو
چاوێکمان بە دایکی پیربوومان بکەوێ
ئیتر ئێمە کاتمان نییە
بۆ خۆشەویستیو...
چیتر لە جێژوانا لە چاوەڕوانی دڵدارەکانمانا
دانانیشین
ئیتر ئێمە ئاشنابووین
بە گۆڤاری ئافرەتە نیوە بەژن ڕووتەکان
بە مۆسیقای جازو پۆپو
بە خواردەمەنیی ماکدۆناڵدو
بە حەزی پڕ خرۆشو سەفەری
بەرەو کوێ؟
بەرەو کوێ؟
ئیتر ئێمە نەوەیەکین
یاخیبوونمان لەدەستداوەو

دەستەمۆین

دەستەمۆی هێزە نادیارەکان

ئیتر ئێمە

کە لەگەڵ هەستو سۆز بەینێکمان نەماوە

داهێنەری دنیایەکین

ئاوەز تیایا نامۆ دەبێو

غەریزە تیایا باڵا دەکات

ئیتر ئێمە نەوەیەکین

بە نەوەکانی پێش خۆمان دەڵێین

خۆشخەیاڵ بوون

ئەوە ئێوە بوون

(بە ئاوی تێگەیشتن ژیان(*)

دەنا خۆی هەر سەرابە بوون

دە لێخوڕە ئەی کەشتییەکە

گرنگ نییە بەرەو کوێ؟

دە لێخوڕە

دە لێخوڕە..

* ئیلهامی ئەم دێڕە لە شیعری (خەلق)ی مەحوی–ی مەزن وەرگیراوە.